

# شاخی بلورین

# چیرۆکی دۆناڵد بارتڵمی

**له فارسییەوە: محەمەد کەریم**

1. هەوڵم دەدا بە شاخی بلوریندا سەرکەوم.
2. کێوی بلورین کەوتۆتە کۆتایی شەقامی سیانزەهەم و هەشتەمەوە.
3. گەیشتبوومە دامێنی شاخەکە.
4. خەڵکی تەماشایان دەکردم.
5. تازە چووبوومە ئەو گەڕەکە.
6. لەگەڵ ئەوەشدا، دۆست و ئاشنایانێکم هەبوون.
7. چنگی سەرکەوتنی شاخم بە لاقمەوە بەستبوو، هەر دەستەشم سوکل ئیسپانەیەکی مەنگەنەیی بەهێزی پێوە بوو.
8. لە بەرزایی دووسەد پێیەکەوە بووم.

9. بایەکی سارد هەڵی کردبوو.

10. دۆست و ئاشناکانی من لە خوار شاخەکەوە کۆبووبوونەوە بۆ ئەوەی ورەم بەرز بکەنەوە.

11. "هیچ و پووچ"

12. "ساختەچی"

13. هەموو خەڵکی شارەکە، ئاگایان لە بەسەرهاتی شاخی بلورینە.

14. خەڵکی گەڕەك چەند چیرۆکێکی لە بارەوە دەگێڕنەوە.

15. نیشانی ئەو کەسانەی دەدەن کە سەردانی ئەم شوێنە دەکەن.

16. بە دەستدان لە قەراغەکانی شاخەکە، هەست بە ساردی دەکەی.

17. بە ڕامان لە کێوەکە، چاڵێکی شین و پڕ جۆش و خرۆش دەبینی.

18. شاخەکە بەسەر سەری شەقامی هەشتەمەوە، وەکو ئاپارتمانێکی ئیداریی گەورەو بە شکۆ وەستاوە.

19. لوتکەی شاخەکە لە ناو جەرگەی هەورەکاندا ون دەبێت، رۆژانی سامالّ و بیّ هەوریش، لەناو خۆردا ون دەبێت.

20. لە کاتێکدا مەنگەنەی دەستە چەپم لە جێگایەك گیر دەکرد، مەنگەنەی دەستەڕاستم بەردەدا.

21. پاشان خۆم درێژ کردو کەمێك لە سەرووتر مەنگەنەی لای راستم جێگیر کرد، پاش ئەوە قاچم بۆ چەند سانتیمەتریّ سەرووتر بەکێش کرد.

22. بەردەمم کەم بوو، ڕەنگە لە بالّیّ کەمتر بووبێت.

23. دۆست و ئاشناکانم درێژەیان بە هاندانەکەیان دەدا.

24. "بێدەماخی دایك ..."

25. تازە چووبوومە ئەو گەڕەکە.

26. لەسەر شەقامەکە کەسانێکی زۆر نیگەران بوون.

27. ئاگات لەخۆت بێت.

28. لەسەر شەقامەکە سەدان گەنج، لەناو دەرگای ماڵەکان و لە تەنیشت ماشێنە وەستاوەکانەوە، دەرزییان لە خۆیان دەدا.

29. پیرەکان سەگیان دەبرد بۆ گەڕان.

30. شۆستەکە پڕ بوو لە گووە سەگ کە ڕەنگیان بریقەدار بوو: خەنەیی، ماشی، زەرد، سووری رسی، سەوزی نەعنایی، رەشی بریقەدارو سووری چیمەنی.

31. یەکێکیان لەسەر بڕینەوەی دارەکان گرتبوو، ڕیزیّ درەختی نارونی کەمەر شکاو لەنێوان فۆکس ڤاگۆن و ئەلیانتەکاندا بوون.

32. بێگومان کارەکە هی مشارێك بوو مشارێکی کارەبایی.

33. تازە چووبوومە ئەو گەڕەکە، لەگەڵ ئەوەشدا دۆست و ئاشنایانێکم هەبوو.

34. ئاشناکانم بوتڵێکی قاوەییان دەستاو دەست دەگێڕا.

35. " لەوە باشترە شەق لە ناوگەڵت هەڵدەن".

36. " لەوە باشترە دارێکی تیژ بچێت بە چاوتا".

37. " لەوە باشترە ماسیی تەڕ بکەیتە ورگتەوە".
38. " لەوە باشترە بەرد بکێشن بە بڕبڕەی پشتتدا".
39. " باشە، ئەگەر بکەوێتە دەورووبەر چکە ناکات".
40. " ئومێدەوار بم و ببینم. دەسرەکەم بخەمە خوێنیەوە".
41. " گێلی ئەو شێوەیە".
42. لەکاتێکدا کە مەنگەنەی دەستی راستم جێگیر دەکرد، مەنگەنەی دەستی چەپم بەرەڵا کرد.
43. دەستم درێژ کرد.
44. بۆ سەرکەوتن بە شاخی بلوریندا، مرۆڤ بەر لە هەموو شتێ پێویستی بە دەلیلێکی ئاراستە کەرە.
45. تا ئێستا هیچ کەسێ لە رێگای زانستدا، یان بۆ بەدەسهێنانی ناوبانگ، یان لەبەر سەختیی شاخەکە پیایدا سەرنەکەوتووە.
46. ئەمانە بەڵگەی ڕاست نین.
47. لەگەڵ ئەوەشدا، بەڵگەی ڕاست لەبەر دەستایە.
48. کۆشکێك لە ئاڵتونی نایاب لەسەر لوتکەی شاخەکەیەو لە ژوورێکی ناو بوورجەکەدا...
49. ئاشناکانم بەسەرما دەقیژێنن.
50. " دە دار، مەرجی ئەوە، کە تا دە دەقەی تر، ئەوەی لەژێر پێتدایە، لەتوپەت دەبێت!".
51. ڕەمزی بەرەبەیانی جوان هەیە.
52. لە کاتێکدا کە مەنگەنەی دەستی چەپم جێگیر دەکرد، مەنگەنەی دەستی ڕاستم بەرەڵا کرد.
53. دەستم درێژ کرد.
54. لە بەرزایی دووسەدو شەش پێوە هەوا زۆر سارد بوو، تەماشای خوارەوەم کرد، ئیدی هاندانێ لە ئارادا نەبوو.
55. ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی لەشکر، ئەسپ سوارەکان، لەناو دۆڵەکەدا کۆزیلکەیان بەستبوو. چەندان پیاو بە دەم گیانکێشانەوە دەیانناڵاندو هاواریان دەکرد.
56. " دواجار لاوازییەك لە مەیلی شەهوەت ئامێز بۆ واقیع بەدی کراوە". " ئەنتوان ئەرنزڤیگ".
57. چەند پرسیارێك هێرشیان بۆ مێشکم هێنا.
58. دەکرێ کەسێك بە بیانووی سەختیی زۆرو زەوەندی تایبەتییەوە، تەنیا بۆ بە درۆ خستنەوەی ڕەمزێك بە شاخێکی بلوریندا هەڵزنێ؟
59. "من"ە بەهێزەکانی ئەم ڕۆژگارەش پێویستیان بە سیمبوولە؟
60. گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بەڵێیە.
61. دەنا من لەوێ، لە بەرزایی دووسەدو شەش پێوە بەسەر سەری درەختەکانەوە کە بە مشار بڕابوونەوەو لەو سەرەوە گۆشتە سپییەکەیانم دەبینی، چیم دەکرد؟
62. لە کاتی سەرکەوتندا بۆ لوتکە، باشترین رێگەی شکستخواردن ئەوەیە کە سوارچاکێ بیت بە سازو بەرگی تەواوەوە– ئەو سوارچاکەی کە لە دامێنی شاخەکەدا سمی ئەسپەکەی پریشکی ئاگر فڕێبدات.
63. ئەو سوارچاکانەی کە لە خوارەوە ناویان دێت هەموویان لە سەرکەوتندا بۆ سەر لوتکە شکستیان هێنابوو، هەموویان لەو خوارەوە ناڵە ناڵیان بوو: سێر گیلز گیلفۆرد، سێر هێنری لاڤیل، سێر ئەلبێرت دەنی، سێر نیکۆلاس ڤو،

سێر پتریك گریفورد، سێر گیزبێرن گاڤر، سێر تۆمس گێری، سێر پیتەر كولویل، سێر جۆن بلانت، سێر ریچارد ڤێرنون، سێر ڤاڵتەر ڤیلوبی، سێر ستیڤن سپیر، سێر رۆجەر فالكۆن بریج، سێر كلارنس ڤان، سێر هیوبرت رۆتكیف، سێر جەیمس تیرل، سێر واتەر هێبێرت، سێر رۆبەرت براكنبری، سێر لیونیل بیوفۆرت و زۆری دیكە.

64. دۆست و ئاشناكانی من لە نێوان سوارچاكە شكستخواردووەكاندا، دەهاتنو دەچوون.

65. دۆست و ئاشناكانی من لەنێوان سوارچاكە شكستخواردووەكاندا، دەهاتن و دەچوون و ئەڵقەی پەنجەو جزدانی پارەو سەعاتی بەرباخەڵ و یادگاریی كچانیان كۆدەكردەوە.

66. "لەو شوێنەی خەڵك عەقڵی ساغڵەمیان هەیە، ئاشتی و خۆشی بەرقەرار دەبێت" (م. پێمیدۆ).

67. داڵەكەرخۆرەیەك كە سەری لار كردۆتەوەو لە جیاتیی چاوانی یاقوتیی پرشنگدار، پاسەوانیی كۆشكە ئاڵتونییەكە دەكات.

68. مەنگەنەی دەستی چەپم لێكردەوەو نەمدەزانی كە ...

69. دۆست و ئاشناكانم بە زۆر ددانە ئاڵتونەكانی سوارچاكە نیوە مردووەكانیان دەردەهێنا.

70. چەند كەسێك لەسەر شەقام بوون كە ئارامیی خۆیانیان لەپشت ڕووكەشی ترسێكی زۆرەوە حەشار دەدا.

71. "ئاماژە ڕەسمییەكان ( وەكو بوولبوول كە زۆرجار پەیوەستە بە ماڵی خولیاوە) هەرچەندە تەنیا بە پێی بنەمای پێكهاتنی دەستەجەمعی بە ڕەسمی بناسرێن، بەڵام ئاماژە نین. ( وەكو ئاماژەی ترافیك لایت )، چونكە گوایە لەبەر ئەوەی هەستێكی قوڵ دەجوڵێنن و چەند تایبەتمەندییەكیان هەیە كە لەوە زیاتر حسابیان بۆ دەكرێ كە بە تەنیا بە چاو دەبینرێن".

(فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەكان)

72. چەند بوولبوولێك كە گولۆپی ڕێنمایی بە قاچیانەوە بەسترابوو، بەبەردەممدا فڕین.

73. سوارچاكێك بە زرێیەكی ڕەنگ گۆشتیی كاڵەوە لەسەر سەرمەوە دەركەوت.

74. سوارچاكەكە كەوتە خوارەوە، كە زرێكەی بەر شوشەی كێوەكە كەوت، زرنگانەوەیەكی گوێكەڕكەری لێ بەرز بووەوە.

75. هەروا كە بە بەردەممدا ڕەت دەبوو، مۆڕەیەكی لێكردم.

76. هەروا كە بە بەردەممدا تێدەپەڕی وتی (هیچ و پووچ).

77. مەنگەنەی دەستی راستمم بەردا.

78. دۆست و ئاشناكانم كێشمەكێشیان دەكرد كە ئاپارتمانەكەی من بۆ كامیان دەبێت.

79. بۆ بەدەستهێنانی كۆشكەكە بە ڕێگا باوەكاندا چوومەوە.

80. رێگا باوەكانی بەدەستهێنانی كۆشكەكە بەم شێوەیەی خوارەوەن: داڵەكەرخۆرەكە چنگە تیژەكانی كرد بە گۆشتی نەرمی لەشی پیاوە گەنجەكەدا، بەڵام پیاوەكە بێ هیچ هاوارێك بەرگەی ئازارەكەی گرتو دەستی گرت بە هەردوو قاچی باڵندەكەوە، باڵندەكە بە ترسەوە بەرزی كردەوە بۆ ئاسمانو بە دەوری كۆشكەكەدا دەستی كرد بە خولانەوە. پیاوە گەنجەكە دلێرانە پێیەوە لكابوو. كۆشكە درەوشاوەكەی بینی كە لەبەر ڕووناكیی كزی مانگەشەودا وەكو چرایەكی كز دەهاتە بەرچاو، پەنجەرەو هەیوانەكانی بورجی كۆشكەكەشی بینی. چەقۆیەكی بچوكی لە پشتوێنەكەی دەرهێنا، هەردوو قاچی داڵەكەرخۆرەكەی بڕی. باڵندەكە بە قیژەوە چوو بە ئاسماندا. پیاوە گەنجەكە بە ئارامی كەوتە ناو هەیوانێكی فراوانەوە. لەهەمانكاتدا دەرگایەك كرایەوە، حەوشەیەكی پڕ لە گوڵو درەختی بینی و لەو باخەدا شازادە خانمێكی جادوولێكراوی جوان. (كتێبی ڕێنمایی ئەفسانەی پەرییان)

81. ترسابووم.

82. لەزگەی برینەکەم لەبیر چووبوو.

83. کاتێ داڵەکەرخۆرەکە چنگە تیژەکانی کرد بە گۆشتە نەرمەکەی لەشمدا...

84. دەکرێ بۆ هەڵگرتنی لەزگەی برینەکە بگەڕێمەوە بۆ دواوە؟

85. بەڵام ئەگەر بۆ هەڵگرتنی لەزگەی برینەکە بگەڕێمەوە بۆ دواوە، ناچارم، دەبێت قسەی پڕ سووکایەتیی ئاشنایانم قبوڵ بکەم.

86. بڕیار دەدەم بەبێ لەزگەی برین درێژە بە چوونە پێشەوە بدەم.

87. " خەیاڵی مرۆڤ ، لە هەندێ لە سەدەکاندا، بە گەرمو گوڕییەوە تەواوی وزەی عاشقانەی لە هێزەوە کردووە بە کردەوە." (جۆن مسفێلد)

88. داڵەکەرخۆرەکە چنگە تیژەکانی کرد بە گۆشتی نەرمی لەشمدا.

89. بەڵام من بێ ئەوەی نقەم لێوە بێت بەرگەی ئازارەکەم گرت و توند دەستم گرت بە هەردوو قاچی باڵندەکەوە.

90. مەنگەنەکان لە شوێنی خۆیان مانەوەو دارتێلەکەش بەسەر شاخەکەوە مایەوە.

91. باڵندەکە بە تۆقیوییەوە منی بۆ ئاسمان بەرز کردەوەو بە دەوری کۆشکەکەدا دەستی کرد بە خولانەوە.

92. دلێرانە پێیەوە لکام.

93. کۆشکە درەوشاوەکەم بینی کە لەبەر ڕووناکیی کزی مانگەشەودا وەکو چرایەکی کز دەهاتە بەرچاو، پەنجەرەو هەیوانەکانی بورجی کۆشکەکەشم بینی.

94. چەقۆیەکی بچووکم لە پشتوێنەکەم دەرهێناو هەردوو قاچی داڵەکەرخۆرەکەم بڕی.

95. باڵندەکە بە قیژەوە چوو بە ئاسماندا و من بە ئارامی کەوتمە ناو هەیوانێکی فراوانەوە.

96. لەهەمانکاتدا دەرگایەك کرایەوە، حەوشەیەکی پڕ لە گوڵو درەختی جوانم بینی، لەو باخەدا سیمبوولێکی جادوولێکراوی جوان.

97. دەستم گەیشتە سیمبوولەکەو تەواوی پێچ و پەنای ماناکانی، بەڵام کاتێ دەستم لێ دا، لەناکاو بوو بە شازادە خانمێکی جوان.

98. لەسەر شاخەکەوە بەسەرا شازادە خانمە جوانەکەم فڕێدایە خوارەوە بۆ دۆست و ئاشناکانم.

99. دەکرا متمانە بە کێ بکەم و شازادە خانمەکەی پێ بسپێرم؟.

100. هەرگیز، متمانە بە داڵەکەرخۆرەکانیش ناکرێ، بۆ ساتێکیش.